# (جیاوازیی نێوان جێناوی نیشانە و هاوەڵناوی نیشانە)

ئامادەکردنی/ مامۆستا (عبداللە عبدالقادر علی)

ئامادەییی (سلێمانی)ی کچان

(٢٠٢٣/٢/٢٤)

| جێناوی نیشانە | هاوەڵناوی نیشانە |
| --- | --- |
| ١/ جێناوی نیشانە: وشەیەکە جێی ناوێک دەگرێت و لەبری ئەو بەکاردێت و دەستنیشانی دەکات و لە ڕستەدا هەمان ئەرکی ڕێزمانیی ناوەکە دەبینێت. | ١/ هاوەڵناوی نیشانە: ئەو هاوەڵناوەیە، کە وەسفی ناوێک دەکات و بەئاسانی لە هاوچەشنەکانی خۆی جیای دەکاتەوە و دەبێتە دیارخەری ناوەکە، هەمیشە ناوە دەستنیشانکراوەکە دەکەوێتە نێوان هەردوو بەشی هاوەڵناوەکەوە. |
| ٢/ سەر بە بەشە ئاخاوتنی (جێناو)ە و جۆرێکە لە جۆرەکانی جێناوی سەربەخۆ (جودا). | ٢/ سەر بە بەشە ئاخاوتنی (هاوەڵناو)ە و جۆرێکە لە جۆرەکانی هاوەڵناو. |
| ٣/ پۆلێکی داخراون و ژمارەیان دیاریکراوە، کە بریتین لە چوار دانە، کە ئەمانەن:<br>ئەمە/ بۆ تاکی نزیک<br>ئەوە/ بۆ تاکی دوور<br>ئەمانە/ بۆ کۆی نزیک<br>ئەوانە/ بۆ کۆی دوور | ٣/ پۆلێکی داخراون و ژمارەیان دیاریکراوە، کە بریتین لە دوو دانە، کە ئەمانەن:<br>ئەم ...ە/ بۆ نزیک<br>ئەو ...ە/ بۆ دوور |
| ٤/ لە جێگەی ناوێک دێت و ئیتر ناوەکە نابێت هەبێت. | ٤/ لەگەڵ ناوێک دێت و دەبێت هەمیشە ناوەکە هەبێت و دەبێت بە هاوەڵی ناوەکە. |
| ٥/ یەک وشەیە و وشەکەش یەک کەرتە، یان یەک بەشی پێکەوە لکاون و پیتی (ە) لکاوە بە پێش خۆیەوە و هیچ کەرستەیەک ناچێتە نێوانیان. | ٥/ یەک وشەیە و وشەکەش دوو کەرتە، یان دوو بەشی پێکەوە نەلکاون و پیتی (ە) نەلکاوە بە پێش خۆیەوە و هەمیشە کەرستەیەک بەزۆری (ناو، گرێی ناوی، ...) دەچێتە نێوانیان. |

مامۆستا (عبدالقادر علي)

| | |
|---|---|
| ٦/ له ڕستەدا هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینێت، کە بریتین لە: (نیهاد، بکەر، بەرکار، تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو، تەواوکەری ڕاستەوخۆ کاری ناتەواو، تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو، دیارخەر، جێگری بکەر) | ٦/ له ڕستەدا تەنیا یەک ئەرکی هەیە، ئەویش بریتییە لە (دیارخەر)ی ئەو ناوەی کە دەکەوێتە نێوانییەوە. واتە ناوە دەستنیشانکراوە دیارخراوەکە ناکەوێتە دەرەوەی هاوەڵناوە نیشانەکە. |
| ٧/ مەرج نییە هەمیشە گرێ دروست بکات، بەڵام دەتوانین گرێی پێ دروست بکەین.<br>نم/ ئەمە زۆر ڕێزدارە.<br>ئەمە/ جێناوی نیشانەیە، نیهادە.<br>نم/ خانووی ئەمە دەکڕم.<br>خانوو/ ناوە، دیارخراوە.<br>ی/ ئامرازی دانەپاڵە.<br>ئەمە/ جێناوی نیشانەیە، دیارخەری ناوی (خانوو)ە.<br>خانووی ئەمە/ گرێی ناوییە، بەرکارە. | ٧/ هەمیشە (گرێ)مان بۆ دروست دەکات و گرێکەش (گرێی ناوی)یە.<br>نم/ ئەم خوێندکارە زۆر ڕێزدارە.<br>ئەم خوێندکارە/ گرێی ناوییە، نیهادە. |
| ٨/ نموونە:<br>نم/ ئەوە ڕۆمانەکەی بڵاوکردەوە.<br>ئەوە/ جێناوی نیشانەیە، بکەرە.<br>نم/ ڕۆمانەکە بۆ ئەمانە دەهێنم.<br>ئەمانە/ جێناوی نیشانەیە، تەواوکەری بەیاریدەی کاری تەواو.<br>نم/ ئەوانە خەڵاتکران.<br>ئەوانە/ جێناوی نیشانەیە، جێگری بکەرە.<br>... | ٨/ نموونە:<br>نم/ ئەم خوێندکارە زۆر ڕێزدارە.<br>ئەم ...ە/ هاوەڵناوی نیشانەیە، دیارخەری ناوی (خوێندکار).<br>خوێندکار/ ناوە، دیارخراوە.<br>ئەم خوێندکارە/ گرێی ناوییە، نیهادە. |

مامۆستا (عبدالله عبدالقادر علی)

# کۆتایی